# قەیس بلباس راهێنەری تیپی چوارچرای کوردستان لە نەرویج

**قیس بلباس لەدایك بوی ســاڵی ١٩٧٣ی شاری هەولێر ئێســتا دانیشوی ولاتی نەرویجە وخاوەن دووبڕوانامەی راهێنەریە وماوەیەکیشە راهێنەری تیپی چوارچواری کوردستانە لە ولاتی نەوریج کە بەشداری خولی نەوریجیە لە بارەی هۆکاری داویان گۆڕنکاریەکان و سەرنەکەتونیان بۆریزەکانی تر ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***هۆکاری سەرکەونەکەوتن لە خولی نەرویجی بۆپلە پێنج بۆچی دەگەرێتەوە ؟**

- بەراستی ئێمە لە گروپێکی زۆر بەهێز دابوین،لەبەر ئەوەی یاســـای تۆپی پێ نەوریجی گۆڕا بوو،لە پلە ســـێ ١٨تیپیان گەراندەوە بۆپلە چوار لە پلە چواریش ١٨تیپ بۆپێنج و تاکو پلە هەشت بەم شێوەیە بوو،ئێمە لە پلە شـــەش کە بەشدارین توانیمان لە چوارگۆشەی زێریـــن بمێنینەوە لـــە کۆمەلی ئێمـــەش یەك تیپ بەســـەردەکەوت بۆیە تاەنیا توانیمـــان بمێنینەوە نەمان تاوین سەرکەوین بۆپلە پێنجی نەوریجی .

***ئەمساڵ بەنیازن بەشداری پاڵەوانەتی نۆروای کوپ بکەن ؟**

-نە خێر بەشـــداری ناکەین،چونکـــە وەزارەتی وەرزش ولاوان نەما کـــەس پشـــتگیریمان ناکات،بۆیە نەمان توانـــی بەردەوام بین لـــەم پاڵەوانەتیە چۆن پەیوەندی بکەین،چۆن خۆمان ئامادە بکەین بۆئەم پاڵەوانەتیە .

***ئـــەی پەیوەندیتـــان لەگـــەڵ یەکێتـــی تۆپی پێ کوردستان نەکردوە؟**

-نەخێر،بەڵام ئەگەر یەکێتی تۆپی پێ کوردستان پێان خۆش بێت،ئێمەش زۆرمان پێ خۆشە پەیوەندی بکەین بۆهاوکاری کردنی یەکتری،بۆئەوەی خۆمان بەهێزتر بکەین پشـــتگیری ئەوان بۆئێمە مادی و مەعنەوی گەورەیە لە رێـــگای رووداوەوە هیوای ئەوەمان هیەیە یەکتری بناسین و بۆهاوکاری کردنی یەکتری .

***داواتـــان لە حکومەتـــی هەرێم نەکـــردوە بۆئەوەی هاوکاریتان بکات ؟**

-نەخێر چونکە ئـــەوەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کەوا ئێمە پەیوەندیمان لەگەل وەرزارەتی وەرزش ولاوان بەهێز بوو بە تایبەتی کاك تەهابـــەرواری زۆر خزمەتی ئێمەی دەکرد،بـــەڵام دوای نەمانی کاك تەهـــا ئێمە نازنانین کێ بەرپرسە لە وەرزش کە ئێمەش دابراین لە وەرزشی کوردستان .

***دەنگۆیـــەك هەیـــە کـــە دەلـــێ، یانەکەی ئێوە نەماوە ؟**

-نە خێر ئەم قسانە تەنیا پروپاگەندەیە،لە ولاتی نەرویج بەفەرمی دووتیپی کـــوردی هەیە ئەویش چوارچرا و کوردستان فتبۆل کلوپە هەردوویانە لەپلە شەشین.

***کێ یارمەتی یانەی چوارچرادەدات ؟**

-کەس یارمەتی ئێمە نادات کێشەی ئێمە ئەوەیە کەوا لەسەر پێ خۆمان دەروین بەرێوە ئێمە بەۆخمان خزمەتی خۆمان دەکەین،ئێمە لە دەرگای هەموو کەسێك دەکەین بۆئەوەی یارمەتیمان بدات .

***داواکاریتان چیە لەبەرپرسانی کوردستان؟**

-ئێمە شـــانازی بە حکومەتی کوردستان دەکەین بۆیە داواکارین پشتگیرمان بکات .

***پەیوەندیتان لەگەڵ یانەی هەولێر نەکردوە بۆئەوەی یاریزانی بەتواناى پێ بدەن؟**

-من پەیوەندیم زۆر بەهێـــزە لەگەل کارگێرانی یانەکە ویەکـــە یەکـــی یاریزانانی یانەکە بەڵام تاکو ئێســـتا نەگەیشـــتوینەتە ئەوەی رێکەوتێنێکی فەرمی بکەین لە نێوان هەردوو لامان،وتیشـــی ئەمساڵ یاریزانێکم بە ناوی ئـــازاد کوردی رۆژ هەڵات لـــە یانەیەکی پلە دووی نەوریج وەرگیرا کە گۆلکاری خولی یانەکانی نەوریج بوو،ئەوە شـــتێکی چاکە کەوا یاریزانێ:ی وا بەتونا خزمەتێکی یانەیەکی کوردی بکات ئەگەر ئەو پەیوەندیە لە رێگای روداو دروست بێت زۆر باشترە .

***برەنامەتان چیە وەکو یانەی چوارچرا؟**

- ئێمـــە هەولمـــان ئەوەیە بتوانین ئـــەو پەیوەندیەمان لەگەڵ بەرپرســـانی وەرزشی کوردستان دروست بێتەوە لەرێگای روداوەوە بۆهـــاوکاری کردنمان .هیوای من ئەویە بتوانم یاریزانی نوێ دروست بکەم .

***بۆچـــی خۆتان بـــە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردســـتان نەناساندوە بۆهاوکاریی کردنتان؟**

-کاتی خۆم بە مـــەلا بەختیارم وت لە نەرویج ناوبراو زۆر بەرێـــزەوە وتـــی ئەگەر هاوکاریتـــان ویست من لە خزمەت دام،بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرقاڵ بو خەلکێکی زۆر لە دەوری بوو نەمان توانی درێژە بە قسە کانمان بدەین،بۆیە ئێستا ئەگەر لەرێگای روداوە بێت باشترە بۆدروست بوونەوەی ئەم پەیوەندیە بۆئەوەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردســـتان پەیوەندی دروست بکەین.

***ئێســـتاش لە نەوریج بە ئاڵای کوردستان بەشداری خولەکان دەکەن؟**

-بەلێ ئێمە پێش هەموو یارییەك سوێند بەخوا سوێند بە گۆری شـــەهیدان و ســـوێند بە کوردو کوردستان یارییەکانمان ئەنجام دەدەین.ئەوە سوێندی یاسایمانە

***لە کۆتای ئەگەر شتێکت ماوە ؟**

- ئێمـــە لە نەوریج تەنیا دوبرای بەرێزم کاك ســـورێن وســـیزارکارگێرانی یانەکەمان زۆر هـــاوکاری یانەکە دەکەن خۆبە خشـــیی کاردەکەن .سوپاســـی گۆڤاری گولان دەکەم،کەوا هاوکاری وەرزشوانان دەکات.







# شتیفی گراف ئەستێرەی ئـــ



سەرکەوتنەکانی گراف وەکو یاریزانی پیشەگەر

ساڵی ١٩٨٨ توانی یەکەمین نازناو بەدەســت بێنی، دوای ئەوەی لە پاڵەوانییەتــی ویمبلدۆنی بردەوە و ســاڵی ١٩٨٣ بەشــداری لە پاڵەوانییەتی فەرەنســا کرد و لەچەند یارییەك سەرکەوتنی بەدەســتهێنا، لەهەمان ساڵدا گراف خوێندنی جێهێشــت و خولیای زیاتری خســتە سەر مەشقەکانی و گەیشتە پلــەی (٩٨)ی ریزبەندی جیهانی و ســاڵی ١٩٨٤ نازنــاوی پاڵەوانییەتــی تێنســی ســەرزەوی ئافرەتانی یارییەکانی ئۆڵۆمپیــادی لۆس ئەنجیلۆسی ئەمریکی بردەوە، لە ساڵی ١٩٨٤ بچووکتریــن یاریزان بووە کــە یەکەمین جار بەشــداری لە پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن بکات و ریزبەندی گەیشتە (٢٢)ی لەسەر ئاستی جیهانی، ساڵێك دواتر گراف گەیشتە یاری کۆتایی پاڵەوانییەتی ئەڵمانیای کراوە، گەیشــتە ریزبەندی شەشــەمین لەســەر ئاستی جیهان و لە ساڵی ١٩٨٦ توانی نازناوی پاڵەوانییەتــی ئەڵمانیای کــراوە بباتەوە و لــە یاری کۆتایی لــە کچە یاریزانی مارتینا نافیراتیلۆڤا بباتەوە، کە ئەو کات لە پلەی یەکەمی جیهان بوو، لەمانگی کانوونی یەکەمی هەمان ســاڵ خەڵاتی باشترین وەرزشــوانی جیهانی لە تێنسی سەرزەوی وەرگرت، لە رکابەریەکی بەهێز لەگەڵ چەندین ئەستێرەی جیهانی وەکو ئەرژەنتینی گابریێلا ساباتینی و ئیسپانی سانشــێز، دواتر کەوتە رکابەری یەکەمی ریزبەندی گشــتی جیهانی سویســری، مارتینا هینگیز نازناوەکەی لێوەرگرتەوە. شــتیفی گراف لە مێژووی پیشەگەری توانی (٢٢) نازنــاوی جیهانی بباتەوە و لەوانە شــەش پاڵەوانییەتی فەرەنسای کــراوە لەپاریس و چــوار پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن لە لەندەن و چوار پاڵەوانییەتی



شـــتیفی گراف لە ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٩ لە ناوچەیەکی سەر بە شاری هاید لبیرگی ئەڵمانی لەدایکبووە و لە کۆمپانیای خۆماڵـــی باوکی فەرمانبەر بووە و دایکیشـــی کاری بارزگانی ئۆتۆمبێلـــی کـــردووە. جارێکیان بە دیاری ڕۆکێتێکی تێنســـی سەرزەوی پێشکەش بە کچەکەی کرد، کە تەمەنی چوار ساڵانە بووە، هەر لەو تەمەنەوە دەســـتی بە ڕاهێنان کردووە و دواتر لە تەمەنی شەش ساڵی بەشداری لە پاڵەوانییەتی بەچکە شێرانی میونخ کـــرد و توانی نازناوەکە بباتەوە. ســـاڵی ١٩٧٧ هەر لەشـــاری میونخ پاڵەوانییەتی لاوانی بردەوە، باوکی بڕیاریدا واز لەکارەکەی بهێنی و مەشـــق بە کچەکەی بکات، لەیەکەم تاقیکردنەوەدا شـــتیفی گـــراف لە پاڵەوانییەتـــی ئەڵمانیا لە هۆڵەداخراوەکان، بەرانبەر بە یاریزانێك کە پلەی (٨٠) تووشی دۆڕاندن هات. لەســـاڵی ١٩٨١ گراف یەکەم یاریزانی ئەڵمانی دەبـــێ کە نازنـــاوی جیهانی بۆ لاوان لـــە هەرێمی فلۆریدای ئەمریکی بباتەوە و لە تەمەنی ســـیانزە ساڵی توانی نازناوی پاڵەوانییەتی لاوان بۆ تەمەنی (١٨) ســـاڵی لە ئەڵمانیا بباتەوە و دوای چـــوار مانگ گراف توانی ناوی بخانە لیستی یاریزانە پیشەگەرەکانی جیهانی بە پلەی (٢١٤) لەسەر ئاستی جیهانی.

# ـــاسنی تێنسی ســەرزەوی جیهانی

ئوسترالیای کراوە، لەهەمان کاتدا گراف یەکەمین یاریزان لە جیهان بێت ماوەی سێ سەد وحەفتا وحەفت هەفتە پارێزگاری لەیەکەمی جیهانی بکات.

ژیانی تایبەتی گراف

دوای دۆڕاندنـــی بـــە دە ڕۆژ لـــە پاڵەوانییەتی ویمبڵدۆنی ســـاڵی ١٩٩٩ کچە یاریزانی ئەڵمانی شـــتیفی گراف بەیەکجـــاری وازی لـــە یاریکردن هێنا، سەرەڕای ئەوەی لە هەمان ساڵدا نازناوی کەسایەتی وەرزشی لە ئەڵمانیا وەرگرت، دوای چەند هەفتەیەك شـــتیفی گراف لە خوشەویستەکەی شوفێری ئەڵمانی میکائیـــل بارتیلز جیابـــۆوە، دواتر بـــاس لەوە دەکرا کە گراف پێوەندی خۆشەویستی رادەبەدەری لەگەڵ یاریزانـــی بەناوبانگـــی تێنســـی سەرزەوی ئەمریکی ئەندرێ ئەگاسی هەیە و دواتـــر ژیانی هاوســـەریان پێکهێنا و ئێستاش خاوەنی دوو منداڵن و لە ئەمریکا ژیان بەســـەر دەبەن، گراف بە کچێکی ئاســـنی و بەتواناترین هێزی لەش ناسرابوو.

## کارلین کاردیلۆ یاریزانی تێنسی سەرمێزی هەڵبژاردەی پۆرتەریکۆ

# کوردستان وڵاتێکی زۆر خۆش و جوان و پێشکەوتووە

***چۆن بوو بە تەنیا هاتیە کوردستان؟**

- خۆم ئارەزوویەکی زۆرم هەیە بۆ یاری تێنس، بۆیە خۆشەویستی ئەو یارییە وایلێکردم بێم بۆ بەشداریکردنی ئەو پاڵەوانیەتیە.

***ئاستی پاڵەوانیەتیەکە چۆن بوو؟**

-ئاستی پاڵەوانەتیەکە زۆر بەرز بوو، بە تایبەتی تیپەکانی میسر و سوێد زۆر ئاستیان بەرز بوو. ڕێکخستنێکی باشی بۆکرابوو.

***بۆتۆ کارێکی ئەستەم نەبوو لەم وڵاتە دوورە بێیتە کوردستان بۆپاڵەوانیەتیەکی وا؟**

-نەخێر من پێش ئەوەی بێمە کوردستان لە وڵاتی سوێد لە خۆئامادەکردن بووم بۆئەو پاڵەوانەتیە، بۆیە لەوێشەوە ڕاستەوخۆ هاتمە کوردستان.

***ئاستی وەرزشی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەڕاستی ئاستی وەرزشی کوردستان زۆر بەرزە، ئەوەی من بینیم لەو ماوەیە ئەو ناوچەیە زۆر پێشکەوتووە لەگشت روویەك.

***لە ماوەی مانەوەت بۆچوونت چییە لەسەر کوردستان؟**

-بەڕاستی وڵاتێکی زۆر جوان و خۆشە، لێرە هەموو شتێك لە پێشکەوتنە، بە هیوای ئەوەم جارێکی تر بگەڕێمەوە ئەو هەرێمە جوانە.

*** ئەگەر یانەیەکی کوردستان داوات لێ بکات ئامادەی بێیتە کوردستان یاری بۆبکەی؟**

-لەو باوەڕەدا نیمە بتوانم بێمە کوردستان، چونکە ناتوانم لە دایك و باوکم جیا ببمەوە.

***بەهیوای ئەوەی جارێکی تر بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

-بە دڵنیایەوە دەگەڕێمەوە.

***بۆچوونت لەسەر خەڵکی کوردستان چییە؟**

-بەڕاستی خەڵکی زۆر باش لێرە هەیە بە تایبەتی خەڵکی شاری هەولێر کە زۆر غەریب دۆستن.

***هیچ کێشەو گرفتت تووش نەبوو لەم ماوەیە؟**

-نەخێر هەموو کار ئاسانییەکیان بۆمان ئامادە کردبوو، لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

***دوا وتەت ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-تەنیا خۆشەویستیم بۆئێوەی خۆشەویست کە زۆر ڕێزیان لە ئێمە گرت.





کارلین کچێکی تەمەن ١٧ ساڵانەو لە وڵاتی پۆرتەریکۆ لە یەکێك لە وڵاتە دراوسێیەکانی ئەمریکایە، بەتەنیا هاتۆتە کوردستان بۆبەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی تێنسی سەرمێزی جیهانی، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

شاخەوان عارف

# حەز ناکەم ئەو لاپەڕەیە هەڵدەمەوە

**شاخەوان عارف یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێر، لە دایکبووی شاری هەولێرەو تەمەنی ٣١ ساڵە، دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشـــییە، ئێستا مامۆستای وەرزشە و ماوەی چەند مانگێکە هاتۆتە ریزی یانەی بروسك، مەشق بە تیپی لاوانی یانەکە دەکات، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***ئاستی ئەمساڵی خولی کوردستان لە چ ئاستێك بوو؟**

-بەشێوەیەکی گشتی تیپەکان ئاستیان لێك نزیك بوو، خولێکی بەهێز بوو لە گشت روویەکەوە.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم خولە؟**

- خولەکە بکرێتە دوو قۆناغ زۆر باشترە بۆئەوەی یاریزانان سوودی لێ ببینن.

***چۆن بوو بوویتە راهێنەری یانەی بروسك؟**

-دوای ئەوەی بە بڕیاری خۆم دەست لە کارکێشانەوەی یانەی ئاسۆم راگەیاند، سەرکەوتنی ئامانجەکانم لە یانەی بروسك رەنگی دەدایەوە، بۆیە پێم باش بوو بچمە یانەی بروسك، چونکە خاوەن دەستەی کارگێڕیەکی وەرزشییە.

*** تۆ کوڕی یانەی ئاسۆ بوویت، چۆن بوو ئەو یانەیەت جێهێشت؟**

-حەز ناکەم بە هیچ شێوەیەك باسی یانەی ئاسۆ بکەم، هۆکارێك هەبوو پێوەندی بەخۆمەوە هەبوو، ئەوان برای منن، حەز ناکەم ئەو لاپەڕەیە هەڵدەمەوە.

***تەمەنت بچووك بوو، چۆن بوو بڕیاری وازهێنانت لە یاری کردن دا؟**

- ئێستاش زۆرجار باس دەکەم، بەخت دژم بووە لە ژیانی وەرزشییم، دیارە قسمەتەکەم هەر ئەوە بووە، دوا ساڵ لەگەڵ یانەی ئاسۆ تووشی پێکان هاتم، ئەوەش چەند جارێك دووچارم بۆوە، دواتریش یانەکەم دابەزی بۆ پلە یەك و خۆشم نیازم هەبوو لە مانچستێر بخوێنم، بۆیە بڕیاری واز هێنانم دا.

***کێشە و گرفتان لە یانەکەتان چییە؟**

-هیچ کێشەیەکمان نییە تەنیا نەبوونی یاریگایەکی فریزی دەستکردە، کە زۆرجار لە سەرمای زستان یاریگای فریزمان نییە مەشقی لێ ئەنجام بدەین، بودجەیەکمان هەیە بۆ تیپەکە سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان دەکەین، زۆر هاوکاریمان دەکات. پێویستە بەرپرسەکانیش بەیەك چاو سەیری هەموو یانەکان بکەن.

***چۆن یاریزان دەستنیشان دەکەن، بۆتیپی لاوان؟**

- هەمیشە پشت بە یاریزانی بە جووڵە دەبەستم، لە تیپە میللییەکان و یاریگاکان یاریزان دەستنیشان دەکەین.

***بیستوومانە چەند یانەیەك داوای مۆرکردنی گرێبەستیان لێکردوی؟**

-بەڵێ چەندیانەیەکی پلە ناياب و پلە یەك داوایان لێ کردوم، بەڵام من هەر حەز لە یانەی بروسك دەکەم، تەمەنێکی دووردرێژم لەگەڵ یانەی ئاسۆ بەرێ کرد، حەزیش دەکەم دوو ئەوەندی ئەو تەمەنەم خزمەتی یانەی بروسك بکەم، ئەگەر ئەوان پێویستیان بەمن بێت، چونکە من کوڕی ئەو یانەیەم.

***هیوات چییە لەگەڵ یانەی بروسك؟**

-هیوا سنووری نییە بەهیوام بتوانم ئەنجامی باش لەگەڵ یانەی بروسك بەدەست بهێنم، کۆمەڵێك خەونم هەیە لەگەڵ ئەو یانەیە.

***دەڵێن لە پرۆژەی گۆڵیش راهێنەری؟**

-بەڵێ لەو پرۆژەیش وەکو راهێنەر کاردەکەم، کۆمەڵێك یاریزانم هەیە.





## رۆلان گارۆس لە پاریس دەمێنێتەوە

یەکێتی تێنسی سەر زەوی فەرەنسا بڕیاری دا یارییەکانی پاڵەوانیەتی رۆلان گارۆسی کراوە لەشاری پاریس بەردەوام بێت و نەگوازرێتەوە شوێنێکی دیکە، لە کۆبونەوەی یەکێتی تێنسی سەر زەوی فەرەنسا دەنگ درا لە سەر بەردەوام بوونی یارییەکانی رۆلان گارۆس لە یاریگاکانی ئەم پاڵەوانەتیە لەشاری پاریس، بەمەش هەوڵەکانی گواستنەوەی یارییەکانی ئەم پاڵەوانەتیە بۆ ناوچەی ڤەرسای لە دەرەوەی پایتەخت لە ساڵی ٢٠١٦ سەر نەگرت بە هۆی بەرزی تێچوون و بچوکی شوێنەکە جگە لەوەش یارییەکان تایبەتمەندی خۆی لەدەست دەدات، پاڵەوانیەتی رۆلان گارۆس یەکێکە لە چوار پاڵەوانەتیە گەورەکەی جیهانە لە یاری تێنسی سەر زەوی کە بە پاڵەوانەتیەکانی گراند سلام ناسراوە و یارییەکانی لە یاریگا خۆڵاوییەکان ئەنجام دەدرێت و خەڵاتەکانی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن یۆرۆیە، لە ساڵی ٢٠١٠ یاریزانی ئیسپانی رافائیل نادال لە سەر ئاستی پیاوان وکچە یاریزانی ئیتاڵی شیاڤۆنی لەسەر ئاستی ئافرەتان نازناوەکەیان بەدەست هێنا.





## وێین رونی لە پلای ستێشن لێهاتووە

دوای دۆڕاندنی یانەی مانچستەر سیتی لە دێربی شاری مانچستەر لەبەرامبەر یانەی مانچستەر یونایتد بەئەنجامی (٢ – ١ ) گۆڵ لەخولی نایابی ئینگلیزدا کەتیایدا یاریزان وێین رونی جوانترین گۆڵی تۆمار کرد، یاریزان جولیان لیسکوت بەرگریکاری یانەی مان سیتی هەوڵی ئەوەی دا تۆڵەی خۆی لە یاریزان روونی بکاتەوە، بەڵام نەك لە ناو یاریگا، بەڵکو لە یاری پلای ستێشن (X BOX)، لیسکوت رووبەرووی رونی بۆوە لە یاری (فیفا١١) بەهیوای سەرکەوتن کەچی رونی لەم یارییەشدا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و توانی چەند یارییەکی یەك لەدوای یەك لە لیسکوت بباتەوە .
شایانی باسە یاریزان رونی سەرسامی ئەم جۆرە یاریەیە ورۆژانە چەندین کاتژمێر ئەم یارییە ئەنجام دەدات و شارەزاییەکی تەواوی لێی هەیە.



## بیرۆکەیەکی میلان: پاتۆ بەرامبەر رامۆس

رۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سپۆرتی ئیتالی رایگەیاند یانەی ئەی سی میلان ئامادیی خۆی دەربریوە دەستبەرداری یاریزانی بەرازیلی ئەلیکساندەر پاتۆ بێت بۆ بەرژەوەندی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بەرامبەر بەهاتنی یاریزان سێرجیۆ رامۆس بۆ یانەی میلان. بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەکە یاریزان رامۆس ناکۆکی لەگەڵ راهێنەر مۆرینهۆ هەیە، ئەمەش کاری هاتنی بۆ یانەی میلان ئاسان دەکات، لەبەرامبەردا یاریزان پاتۆ نارازییە بەمانەوەی لەهێڵی یەدەگ لەکاتی یاریەکاندا، بەتایبەت کە راهێنەر ئەلیگری یاریزان رۆبینهۆی پێ باشترەو لەپێکهاتەی سەرەکی داناوە، ئەگەر هاتوو ئەم ڕاپۆرت ڕاست و دروست بێت ئەوا یانەی ریال مەدرید ناچارە داوای یاریزانی یانەی ئەنتەر میلان دۆگلاس مایکۆن بکات بۆ پڕکردنەوەی شوێنی رامۆس کەماوەی چەندین ساڵە یانەی میلان هەوڵی کڕینی دەدات لەو کاتەی کەیاریزانی یانەی سیڤیلیا بوو.

## لانس ئەرمسترۆنگ بۆ جاری دووەم وازی هێنا

پایسکل سواری ئەمریکی بەناوبانگ بۆ جاری دووەم بڕیاری وازهێنانیدا، بەمەش بەشێوەیەکی فەرمی لە پێشبڕکێیەکانی پایسکل سواری دوور کەوتەوە، ئەرمسترۆنگی تەمەن ٣٩ ساڵ پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕیاری وازهێنانی دابوو، بەڵام دوای چوار ساڵ جارێکی دیکە گەڕایەوە پێشبڕکێیەکان و بەشداری لە پاڵەوانییەتی تۆر دو فرانس کرد و پلەی سێیەمی بەدەست هێنا، ئەرمسترۆنگ خاوەن ژمارەی پێوانەیە لە نازناوەکانی تۆر دو فرانس بە حەوت نازناو، لەدوای چەندین رووداوی جۆراوجۆر لەساڵی ٢٠١٠ پلەی ٢٣ ی بەدەست هێنا. ئەرمسترۆنگ کە پێشتر تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ببوو لە بەیننامەیەکدا گوتی : بڕیاری وازهێنام رادەگەیەنم بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بۆ خێزان و مناڵەکانم تەرخان بکەم. زیاتریش بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی وازم لە کارەکەم هێناوە. ئەرمسترۆنگ بۆ دواجار بەشداری لە پاڵەوانییەتی تۆر داون ئەندەری کرد و پلەی ٦٥ ی بەدەست هێنا و دواتر بە یەکجاری وازی هێنا



## خوان لاپۆرتا :

## بەرشلۆنە دەتوانێ لەخولی ئیتاڵیا یاری بکات

سەرۆکی پێشووی یانەی بەرشلۆنە خوان لاپورتا کە پشتیوانی سەربەخۆبوویی هەرێمی کەتالۆنیا لە وڵاتی ئیسپانیا دەکات، رایگەیاند یانەی بەرشلۆنە لەدوای سەربەخۆیی هەرێمەکەی دەتوانێ بەشداری لەخولە گەورەکانی ئەوروپادا بکات، لاپۆرتا کە ئێستا کاری سیاسی ئەنجام دەدات دووپاتی کردەوە یانەی بەرشلۆنە ئەگەر لە خولی ئیسپانیا دوور خرایەوە ئەوان دەتوانن بەردەوام بن لە بەشداریکردن لە خولەکانی ئەورووپادا، لەمبارەیەوە لاپۆرتا گوتی: ئێمە دەتوانین داوای بەشداری لە خولەکانی ئەورووپا بکەین، ئەگەر نەمانتوانی بەشداری لەخولی ئیسپانیا بکەین هەوڵدەدەین بەشداری لە خولی ئیتالیا یان فەرنسا بکەین، یانەی بەرشلۆنە تیپێکی جهانییە و دەتوانێ بەشداری لە هەر خولێك بکات و جێگای پێشوازی و خۆشحاڵی ئەو خولە بێت.

جێگای ئاماژە پێکردنە هەرێمی کەتالۆنیا بەشێکە لە وڵاتی ئیسپانیا و یەکێتی تۆپی پێ لەم هەرێمە لە لایەن فیفاوە رێگای پێدراوە، ساڵانە یارییەکی نێودەوڵەتی ئەنجام بدات لەنێوان هەڵبژاردەی کەتالۆنیا و هەڵبژاردەیەکی جیهانی و راهێنەرەکەی یاریزانی پێشووی هۆڵندی یۆهان کرۆیفە.



# لەشجوانی لە هەولێر بۆتە

**مامۆستا سەناریە عەبدولستار دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی و ڕاهێنەری لەشجوانییە لە هۆڵی دانا، لە بارەی ڕووتێکردنی ئافرەتان لە هۆڵەکەدا وتی** «ئێستا من هۆڵی وەرزشیم هەیە ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر ڕوو لە هۆڵەکەم دەکەن . بەڵام پێشتر هاتنی خەڵك بەم جۆرەی ئێستا نەبوو خەڵاکانێکی زۆر کەم ڕوویان لە هۆڵە وەرزشییەکان دەکرد. پێشبینی دەکەم لە ئایندەیەکی نزیکدا زیاتر لەوەش خەڵك ڕوو لەم یارییە بکات، وتیشی ئەو ئافرەتانەی کە دێنە هۆڵە وەرزشییەکان زیاتر بۆدابەزینی کێشیان دێن،هەندێکیش تەنیا بۆلیاقە دێنە لای ئێمە، هەندێکیش بۆ چارەسەر دێنە لای ئێمە، بەپێی ڕێنماییەکانی پزیشك کە پێیان ڕادەگەینێت، لە بارەی مەشقەکانی خۆیان وتی «ئێمە بەهیچ شێوەیەك بە بێ ئاکادیمی مەشق بە هیچ کەسێك نادەین هەر بە شێوەی ئاسایی بێت، بەڵکو کارەکانی ئێمە هەمووی زانستی و ئەکادیمیە، لە هۆڵەکەی خۆشم چەند یاریدەدەرێکم هەیە ئەوانیش بە پێی ڕێماییە زانستییەکان کارەکان ئەنجام دەدەن. مەشقەکانیشمان بریتین لە گەرماوی ساونا و ڕاهێنانی سویدی و ئامێرەکان لەگەڵ خشتەی خواردنی ئەو کەسە، وتیشی لێرە هاتنی خەڵك بەشێوەیەکی جێگیر نییە. تەنیا لە هاوینان خەڵکێکی زۆر روو لە هۆڵەکە دەکەن، هەرچەندە چەند هۆلێك هەیە بەڵام ئافرەتی وەرزشوانمان کەمە و لە زۆربەی هۆڵەکان کەسانی پسپۆر لە بوارەکە مەشق نادنەوە، هەر کەسەو بۆخۆی هۆڵەکان بەڕێوە دەبات، هەندێك کەسی تریش هەیە هیچ پەیوەندی بە یارییەکەوە نییە دێت خۆی لە یارییەکە نزیك دەکاتەوە، وتیشی ئێمە حەزمان لێیە کەوا چەند ئافرەتێکی وەرزشوان دروست بکەین بۆ ئەوەی بەشداری پاڵەوانیتییەکان بکەن، بەڵام کۆمەڵگا ڕێگا نادات. ئەگینا ئافرەتی زۆر ڕوو لە وەرزش دەکات، وتیشی ئەو ئافرەتانەی ڕوو لە ئێمە دەکەن، سێ جۆرن هەندێکیان بۆ کێش دابەزین و هەندێك بۆ لەشجوانی خۆیان، کە لەشیان ڕێك بێت، هەندێکیش بۆ نەخۆشی دێن،ئێمە بە پێی ئەو شتانەی پزیشك بۆمان دەنووسن ئێمە لەسەر ئەوانە کاردەکەین، وتیشی چەندین ئافرەتی نەخۆشیش لەم هۆڵەی ئێمە چارەسەر کراوە، بەڵام مانگانە نزیکەی ٨ ئافرەت دێنە لامان . ئاماژەشی بەوە دا کەوا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریمان بکات، کارێکی زۆر باشە چونکە تەواوی هۆڵەکان لەسەر بودجەی تایبەتی کەسەکان دروست کراوە. وتیشی پێشبینی دەکەم لە ئایندەیەکی نزیکتر ژمارەی ئافرەتان لە هۆڵەکان زیاتریش دەبێت.

**یادی مەحمەد کە یاریزانی لەشجوانییە لەمبارەوە وتی** «من ماوەیەکی زۆرە لە هۆڵە وەرزشییەکان وەرزش دەکەم، بۆ ئەوەی توانای جەستەییم دانەبزێت و ئاستم لە بەرز بوونەوە بێت، چونکە من یاریزانی تۆپی دەست و گۆڕەپان و مەیدانم، بۆ قەڵەویش یاری دەکەم تاکو کێشم ز یا د





چراسەباح نووری



یادی مەحمەد



زینەب رەشید



سەناریە عەبدولستار



چیا ئیبراهیم

# دیاردەیەکی باو و شارستانی

نەبێت، وتیشــی ماوەی زیاتر لە ســاڵ و نیوێکە وەرزش دەکەم، ڕۆژانەش خەڵکێکی زۆر لە هۆڵــەکان وەرزش دەکــەن .منیش بەردەوام ڕۆژانــە کاتژمێرێك وەرزش دەکەم هەست بە ئاســودەییەکی زۆر دەکەم، بۆیە داواکاریشــم لە هەموو کچانی هاوتەمەنم کەوا بۆخۆیان وەرزش بکەن. سودێکی زۆری هەیە بۆلەشــیان و ئاســودەیی زۆریان پێ دەبەخشــێت، داواکاریشم حکومەت گرنگی زۆر بەم هۆڵانەبدات.

وتیشی ڕۆژانە ئافرەتێکی زۆریش بۆدابەزینی کێشی لەگەڵ ئێمە وەرزش دەکەن وسوودی زۆریان بینیووە.

**چراســەباح نــووری وتی:** ئاســتی یاری لەشــجوانی زۆر بە باشــی دەبینم، چونکە تەواوی ئافرەتانیش کە لە هۆڵەکان بەشدارن ژمارەیان زۆرە سوودی زۆریشیان لێ بینیوە، مــن وەکو یاریزانێك لە هۆڵەکان بەشــدارم، مەبەســتی منیش لە چوونــم بۆ هۆڵەکان بۆئەوە بوو، لەشــم ڕێك بێت و کێشــم زیاد نەبێت. هۆڵەکانیش زۆر ڕێك وپێکە شێوازی مەشــقەکانمان زانستییە وهیچ کێشەیەکمان بۆ درووســت نابێت. ئەوەی من تێبینیم کردوە لــەم ماوەیە ئافرەتێکی زۆر ڕوو لە هۆڵــەکان دەکەن بۆ ڕێککردنی لەشــیان، داواکاریشم حکومەت هاوکاریمان بکات .

**دکتۆرە چیا ئیبراهیم لە بارەی ئەم وەرزشەوە وتی** «وەرزش ســودێکی زۆری هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەوا وەرزش دەکەن، منیــش وەکو ئارەزووییەك لە شــوێنێکی دوورەوە دێمە هۆڵی لەشرێکی، هۆڵەکانیش تاڕادەیەکی باش پاکوخاوێنن، ئامێرەکانیش زۆر پێشــکەوتوون، داواکاریشــم هەموو ئافرەتان وەرزش بکەن، وەرزشی لەشجوانی ئێســتا بۆتە هۆکارێکی بــاش بۆئەوەی لەشی ئافرەتان بەتایبەتی کچان ڕێك بێت. ئافرەتانیش با ٢٣کاتژمێر بۆماڵەوە بێت و تەنیــا یەك کاتژمێریان بۆ وەرزش بێت، بۆ ئەوەی لەش ســوودی لێ ببینێ، وتیشی وەرزش بۆتە دیاردەیەکی باش بۆ ئەوەی لە زۆر نەخۆشی چەوری و تاد بتپارێزی، بە وەرزش کردنیش مرۆڤ ئاسوودەتر دەبێت، وتیشــی وەرزشــیش بۆئافرەتان سوودی زۆرە، تەنانەت ئەگەر دووگیانیش بێت، با وەرزشێکی سوك بکات. هیچ کات وەرزش بۆئافرەتان خراپ نەبووە، زۆربەی دکتۆرەکانیش وەکو پسپۆڕی خۆیان وەرزش بۆ نەخۆش دادەنێن وەکو نەخۆشــی هەناو جومگە وچارەسەری سروشتی و نەخۆشییە دەروونییەکان .

**زەینەب ڕەشــید لەمبارەوە وتی** «من پێش ئــەوەی بێمە هۆڵی لەشــجوانی ئافرەتان نەخۆش بووم، دکتۆر پێی وتم بڕۆ بۆخۆت نەشتەگەری قاچ و پشتت بکە، بەڵام دوای ئەوەی پێیان وتــم وەرزش بکە بزانە چیت بەسەر دێت و دوای هاتنم بۆهۆڵی وەرزشی ئێستا زۆر باشم، پێشتر نەم دەتوانی هەنگاو باوێــم، بەڵام دوای هاتنم بۆ ئێرە ئێســتا ئاسوودەم و لەشم زۆر خۆش بووە و هەست دەکەم کەوا ئێستا گەنج بوومەتەوە، وتیشی ماوەی حەفت مانگە زیاتر لە ٣٥کیلۆم کەم کردۆتەوە و پێشتر نەمدەتوانی بڕۆم ئێستا ڕادەکەم، لەهۆڵەکەشــمان زۆر هاوکاریمان دەکەن،پێشــتر تووشی نەخۆشی دەروونیش ببووم،بەڵام ئێســتا لەو نەخۆشییەش باش بوومەتەوە. پێموایە ئەو ئافرەتانەی وەزعی وەکو منیان هەیە بێنە ئێرە زۆر سوودمەند دەبێت بۆیان.



**ئێســتا هۆڵــە وەرزشــییەکانی تایبەت بە لــەش جوانی لە شــاری هەولێــر لە زیاد بووندان،ئافرەتانیش بەشێوەیەکی زۆر وبەرچاو ڕووی تێدەکەن و هەندێك لەم ئافرەتانەش بە بیانووی جۆراوجۆر سەردانی هۆڵەکان دەکەن، هەندێك بە نیازی کەمکردنی کێش و هەندێکیش بەنیازی لەشــجوانی و هەندێکی تریش وەکو چارەسەری نەخۆشی سەردانی ئەم هۆڵانە دەکەن، سەر بەهەر هۆڵێك دادەکەیت پڕیەتی لە ئافرەتان، ئێمەش لەم بارەیەوە ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامداوە .**

**ڕاپۆرت: کارزان کانەبی**